جەنگ.. تەکشاندنی خوونی عەشق لەتفەنگ ژەنگاوییەکاندا..

یوسف محەمەد بەرزنجی

تەوەردان (مداخلە)

ژانری چیرۆک و ڕۆمان نووسین لەنێو ئەدەبیاتی جیهاندا مێژوویەکی درێژ و دوورودرێژی پێشەنگی هەیە، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا تەمەنێکی زۆر نییەو پێشەنگ نییە، ڕۆمانی نووسەرانی نێو ئێم بووارە دیارن و بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، وەک نووسەری خەمڵی دیارن، زۆرکێیش لەم نووسەرانە لە نووسەرانی جیهانی دەرکەوتوو لە بواری ژانری ڕۆمان نووسیندا تێنەپەڕیوون، واتە ئەزمونکی کامڵ و تەواویان نیە،یان بەواتای وشەی ڕۆمان نووسین نوێندی ئەدەبیی ڕۆمان نووسینیان ئاوێتەی دڕاوەی خەیان بەرفراوان و کامڵ نەکردووە، بەڵام ڕاچڵەکین و ژانری ڕۆمان نووسین لە هەنگاوناندایە و لەملە قوتڵی نووسیندا هەوڵەکانی لە سەردەستی نووسەرانی بوارو نوێندەکە دیارەو ژانری ڕۆمان نووسین هەنگاوی دەسپێکی ناوە، بە هەموو کەموو کورتیی و کەلێنەکانیەوە، بواری ڕۆمان نووسین لەدڕاوەڵا، یان لە سنووری دڕاوەی جوگرافیای ئەدەبیاتی کوردی گۆشەی دیارو هەنگاوی گرنگ و بەهێزی لە جۆرە جیاکڕاوەکانی ڕۆماندا دەسپێکردووەو پانتاییەکی باشی لەجڕەکان و نوێرەکە جیاوازەکانی ڕۆماندا بەخێی دابین کردووە، دەرفەتی چاپ وگرنگی نوسین و نووسەران لەم دەقەردا جارە بەتەواوی ئاسەکانی دەرنەکەوتوون و لەتەموژدا هاژەی سەردەرهەنانی هەیە، بەڵام وەک پێویست وگرنگی خوێندنەوە بگشتی نەبەتە کلتوور و لەدابوو نەریتە لەکاییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە دەرنەچووە، ناشتوانین دێخ وهەلومەرج و پانتاییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش بەهێند وەرنەگرین و کۆمەڵگە بەتەواوی فەرامۆش بکەین، تائێستاش لە ناو پانتایی نووسیندا ڕۆمان بەتەوای کەرەسەکانی تەکنیک و زمانی لای ئێمەو نووسەرەکانی بەتەواوی لەبوارە ڕۆشنبیرییەکەدا نەچێتە پێشەوە، بەڵکو لە سەرەتایی هەنگاوەکانیدایە، یان لە چاولەکەری و ساکاندایە بە لەبەرچاوگرتی ئەدەبیات و ڕۆمانی دڕاوەو شوێن هەنگاوی کلاسیکی دڕاوە کەووە، هەمووشی ناڕ؟ بەڵام هەنگاوەکانی باشن و خەریکە جوغزی بینی بەرەو تازەگەری هەنگاو هەڵدەگرێ و شتێکی جوانی پێومێدو ئایندەی ڕۆن بە خێی دەدەزێتەوە.

□□مان نوسی کورد، بواری □□شنبیری:
نووسینی □□مان وبوارەکەی زۆرپۆیستی بۆئەزمەن وباگراوندو پێشینەی □□شنبیری بەرفراوان هەیە، جگە لە پلۆپەی □□مانووسین و هونەرەکەی، کەواتە □□مانووس دەبێت لە هونەری □□مان نووسین شارەزایی وتاقیکردنەوەو تواناکانی لەهونەری □□مانووسیندا بەرجەستەوەو پێبەهرەوکامڵ بێت. توانای بەسەر هونەرەکدا بشکێت و کاتێک دەست بۆئێم هونەرە بەرفراوانە دەبات و ردەکاری و قوڵبوونەوەو شنوکەو لەپاڵ بەهرە هونەرییەکەیدا لە بەرچاو بگرێ، □□مانی کوردی قۆناغی وەڵامی بەبابەتەکان سادەیە و شڵەبوونەوە بەناخی بابەتەکان ودەوڵەمەندی پێزی لاوازی پێوەدیارەو لە هەندێک □□مانە کوردییەکاندا دەبینرێت، جوینەوەی زۆری تێدایە، بەیە شڵەبوونەوەو قڵبوونەوە لە بابەت و ڕایەڵەکانی □□ماندا پێویستە وە دەبێت □□مانووس وردەکاری و چڕبوونەوەی هەبێت و تێپەرین و لەکۆکردنەوە لە نووسینی □□ماندا نەکات، بەرهەمەکە نەخاتە ئامێزی چاپەوەو خوێنەر بەبابەتە سادەو خەیاڵە لاوازەکەیەوە سەرقاڵ نەکات، بەڵکو لە خەیاڵی قۆناو بابەتی چەدا خوێنەر نقوم و پەلکێش بکات و دەرفەتی سادەیی و فەرامۆشکردن نەگرێتە بەر، چڕبوونەوەو قۆڵبوونەوەی هونەری لە□□ماندا باگراوندو پێشینەی □□شنبیری □□مان نووس دەخاتە ڕوو، پیشانی خوێنەری نەوەندەکەی دەدات.

عەبدولقادر سەعید:
ئێم ناوە بەکتێبخانەی کوردی و نەوەندی ئەدەبیات و خوێندنەوە ئاشنایە، هەوڵەکانی لەنەوەندی شیعردا لەنیوەی ساڵەکانی حەفتا بەدواوە تا ئێستا دیارە، وەک کەسێکی چالاک لەنوسیندا بەتایبەتی شیعری کوردت وقەسیدەی درێژدا دەبینرێت و خاوەن ئەزمەن و تاقیکردنەوەی زۆرە، عەبدولقادر خوێنەرێکی باش شیعرەکانی وەک شیعر جۆگەی گرنگی پێدانو لەنەوەندەکەدا بەسەرکەوتووی خەی نمایش کردووەو چەندین دیوانی بەرهەمهێناوەو چاپی کردووە، زۆری خوێنەران باش دەیناسن، ژیانی عەبدولقادر لە منداڵی و مەردمندا□یدا بە ناو ئازارو برین و خەوندا گوزەری کردووە، بنەماڵەکەی و خێشی لە خەم وئازاری وەات و هەزو خەزانەکەی لەناو هەلومەرجە ناخێشکانی گەل و وەاتەکەیاندا ژیاون. نەبوونی و فرمێسک ڕشتن وقوربانی بە عەبدولقادروخەزانەکەی مەژوویەکی پەئەزمەن و تاقیکراوەی □□ژگارە، خوێنی لە بەر □□یشتووی برایشهیدی سەنگەرو خانوادەکەی هەمیشە ئێم نووسەرەی □اچ□□کاندووەو بزواندووە، ئەنفال و هەڵەبجەو وەرانکردنی گوندەکان و سوتماکردن وشەهید بوون و بەرگری وماناوەی گەلەکەی وخەباگری، هەوڵنی بەرهەمەکانتی ئۆوکەڵە ئازارەی لە

ناخیدایە لە دایک بوونی سەر لە نوێیی بەرهەمکانێتی، ئەم جگە لە شیعر دەست بە چیرۆک و ڕۆمانیش دەبات و چەندین بەرهەمی وەک پاکیزەکانی بیابان2014،ل219، فرمێسکی بەفر ٢٠١٩،ل١٧٠... پێشکەش کردووە لەنووەندو ژانری هونەری ڕۆمانووسیندا خۆی تاقیکردۆتەوە بناغەی مێژوویەکی داناوە جار جار دەست بە بابەتە مێژوویەکان دەبات، دەیانخاتە ناو ئامێزی ئەم هونەرە بەرزەوە دەیخاتە بەردیدەی خوێنەرەکانی،عەبدولقادر خۆی بە ناو مێژووی گەل ودەڤەرەکەدا دەکات،وەک شاهید دەبینرێت کارەسات و ڕووداوەکان نزیکە لە خۆیەوە دەست بە باتەکانی دەبات و سەرلەنوێ دای دەڕێژێتەوە بابەتەکان هەڵچن دەکات و وەک ئازاری نزیک لە خۆیی وگەلەکەی تعبیری لێدەکات. بەرهەمی دەهێنێت، بە نووسەر هەلومەرج و قۆناغی مێژوویی و ڕووداوەکان گرنگن وباگراوند وپاشخانی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەش گرنگترلەوان و بەکەڵکن بە بەرهەمهێنانی بەرهەمەکان و سەر لەنوێ لێدانەوەو خستنەسەری بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی ئیستاتیکای ئەدەبی وهونەری تازە، کە لەگەڵ تازەگەری هاوچەرخدا بگونجێت. بابەت و ڕووداو کارەسات لەدەڤەرەکەدا زۆرە، بەڵام گرنگ هەڵبژاردنی بابەت و سەلیقەی نووسەرە لەبەرهەمکانیدا کە چۆن بەرهەمی دەهێنێت و هونەرەکە بەرجەستە دەکات. زمانی نووسەر زمانێکی ئەدەبی پڕخشان ئامێزوسادەو ساکارو بێئەملاو ئەولاو پڕخیاڵ وبەگرە وگەڵەو زوو خوێنەر بە ئامێزی خوێندنەوەی بەرهەمەکەی پەلکێش دەکات و لەبەتەی خوێندنەوەدا ووشی دەکات.

تفەنگە ژەنگاوییەکان

ئەم بەرهەمە وەک ڕۆمان دوا بەرهەمی (عەبدولقادر سەعید)ە ١٣٢لاپەڕەی نیو ئەی فۆڵیۆ، لەچاپخانەی کارە لە سلێمانی ساڵی ٢٠٢٣چاپکراوە، ڕۆمانەکە لەئازارو خەمی شۆڕشی دەدوێت، بەڵام بەقوڵی تەژی و چڕی نەچێتە ناو شۆڕشو جەنگەوە، ئەو لە ناو جەنگدا گوزەردەکات، کە شۆڕشی ئێران عێراق، تەنیا لەخۆشەویستی و عەشقەکی مەجازی و کلاسیکی دەدوێت، ئەو لە ناو گەی شۆڕشو ماوەرانی و کاولکاریدا دەستی بە عەشق و خۆشەویستی عومەر-و سارا بردووە و لە ناو دورکەوتنەوەو بەیەک نگیشتندا بەیەکتری جیابوونەوەو فەرامۆشکردنی ئاوەزانی یەکتری کردووە، شۆڕشو یەخسیری جەنگ هەردوو کەسایەتییە خوێندەوارەکەی لە دوورکەوتنەوەیەکی جوگرافیدا، دوور لەچاوەوانی و ئاوینەکی قوڵدا لە یەکتری دابیوەو ئاوینەکەی نەوان عومەرو مامۆستا سارای لە بڕیک هۆشاندەتەوەو لە نائارامیدا ئەو ئاوینەی نەوان ئەم دوکەسایەتییە دوور لە چاوەوانی ڕۆژگار لە بار براوەو دووری عومەر لە ئەردووگای

یەخسیراندا نزیک کەرەج لە وەاتی ئەران مامەستا سارای لەبەهیوایی و بەئومێدی زەمانیدا هەشتەوەو عومەری فەرامەشکردووە، ئەوین وقوربووندوای پەراوێز خستووە. عومەر بەهای نەبوونی هەوا و ونبوونی عومەر لەبەرای جەنگدا، بەئومێدی بەهیوای بە سەر مامەستا سارادا باڵ دەکێشێت و لە عومەری کەمی گەشتی دیلی و دەستبەسەری جیادەکاتەوە، هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی تردا هەڵدەبژێرێت.
بەڵام بەهای تێپەڕینی کاتەوە عومەر لەنامە ئەویندارییەکانیدا دەردەکەوێتەوەو بەهیوای گەیشتنەوەی بە سارا نامەکان و ئاوێتە بوونی بەخەشەویستی وئەویندارێ پردی دابەاوی خەشەویستی و ئەوینی دوور لە یەکتری دروستدەکاتەوەو مامەستا ساراش تووشی شەک و پەشیمانی دەکات لە ناو ئامێزی خەزانە نوێکەیداو لە ناو گەڕاوی ئابردوو ئایندەدا وەران و سەرگەردانی دەکات، بەڵام پاش ئەوەی لەکەتادا عومەر بەهای ئازارو ئەوین و داماننی دەرونییەوە لەدوور وەاتی هەناسەکانی دەسپەرێت و بێتەوای لەخەشەویستی و ئەوین دادەبڕێت وجەستەی تەکنە بەخاکێک دەبێت کە بەرئەنجامی خەشەویستی وئەویندارێ لەنەچنییەوەو بەسەرگەردانی ئەژگاری تێپەڕاند.

جەنگ و ئەوین

ئەم ڕەمانەی(عەبدولقادر سەعید)، پەمان دەڕێت: باجەنگیش هەبێت و مرۆڤایەتی قەناچێ بکات،خاک سوتماک بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بەچەکە ژەنگاویبەکان خەشەویستی و ئەوین لە ناو ببڕێت، بەڵکە ئەوین وعەشق وەک چەمک و بەهای نەمری هەر بەزیندوی دەمێنێتەوە، باجەنگیش تەواوبێت یان بەردەوامی هەبێت، ئەوین هەرچەمکەکی نەمرە و ئەو هەربەردەوامی دەبێت، تفەنگە ژەنگاویبەکان قوربوونەوە لەدەخی جەنگ و وردەکاریی وشرۆڤەکانی ناخاتە ڕوو، بەڵکو ئازارەکانی ڕۆحی مرۆڤ کەبەشەکی لە ئەویندا بەرجەستەیە خەی دەبێنێتەوە، لەڕەمانەکەدا دەخاتە ڕوو لێیدواوە، ئەوقوربانی وخەشەویستی دەخاتە بەردیدەی مرۆڤ و وەفای بەشەک لەمرۆڤکان وەاستگەیان بە ئەوین پەشان دەدات. بە سەروەری وسەخاوەتەوە نمایشی دەکات ، ئەوئەوینەش لە سەرەتای ڕەمانەکە دەستپێناکات خوێنەر تا نامەکانی عومەرو ئازارەکانی لە دوور وەاتیدا نەخوێنێتەوە کە بە ئەوینەکەی نووسیووە نازانیت ئازاری دابڕان و بەشایی دەرونی و ڕۆحی، بوونی بیرەوەری ئەویندارێ چییە؟ کەواتە ئەم ئەوینەش بووە بیرەوەری مرۆڤ و ناتوانێت دابڕان ودوورکەوتنەوە دروست بکات.

چاوەوانی

کارەکتەری سەرەکی ڕەمانەکە عومەر وسارایە، هەردوکیان لە ناو جەنگ وقەناغێکی مێژوویدان، کاتێک خەڵکی کوردستان هەر لەهەمان

قەناغی جەنگدا ئەنفالیان بە سەردا هات و گوندەکان وەران وسوتماک کران و زیندەوەرەکانیش وەک مرۆڤەکان لە ناوبران،ئەوانەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال و جەنگ کەوتن، لەزەدی خەیان دوورخرانەوەو بەکۆمەڵ لە ناو بران، ئەوانەی مانەوە هەمیشە بەدرێژی مێژوو کات چاوەڕێی ئازیزانیان بوون کەبگەڕێنەوەو پێکەوە شاد ببنەوە، بەڵام ئەوە تائێستا هیچی نەداوە کەیەکتر لەئامێز بگرن و بەیەکتر شادمان ببنەوە، هەمانی تفەنگە ژەنگاویەکانی، عەبدولقادر سەعید هەمان بیرکەو هەمان ستایل و دابڕانی لە بڕیاری ئەویندارێدا بەرجەستە کردووە، کەجەنگ هەکاری سەرکیەتی بەشێوەیەکی جیاوازتر لە ئەنفال، بەڵام جەنگ و شەڕ هەکاری دورکەوتنەوەو دابڕانێتی، دەڤەرکێش بەشەڕکان هەمیشە ئاوسەو دورکەوتنەوە، دابڕانی مرۆڤکان لەیەکتر هەرهەیە بەکەچکردن بەت یان شەڕو جەنگ وکاولکاری وسەینەوەی یەکتر، بەڵام ئەوەی ئەمنەت چاوەڕوانی و ئەوینە، دوور لەبئومێدی وهیوا، ئەمە کاکڵەی هەمانی(تفەنگە ژەنگاویەکان)ە، هیواخوازم هاوڕێی لەمێژینەم(عەبدولقادر سەعید) بەردەوامبەت و بەرهەمی جوانترمان بخاتە بەردیدەو سەرکەوتنی زیاتری بۆئاوات دەخوازم.

٢٠٢٣|٥|٢٠



مارکس و ئەنارکیزم*.. نوسینی : Rudolf Rocker.. بەشی یەکەم.. وە: زاهیر باهیر

I

بەشی یەکەم:

چەند ساڵێک لەمەوبەر پاش ماوەیەکی کەم لە کۆچی دوایی فرێدریک ئەنگلس، ئێدوارد بێرنشتاین، یەکێک لە دیارترین ئەندامانی کۆمەڵەی (کۆمۆنیتی) مارکسیستی ، بە چەند دەزگەوەیەکی سەرنجڕاکێش، هاوکاری سەرسام کرد. بێرنشتاین گومانەکانی خۆی سەبارەت بە دروستی لێکدانەوەی ماتریالیستی بە مێژوو هەروەها لە تیۆری مارکسیستی زێدەبایی/ زێدەبەها و چەبوونەوەی سەرمایە ئاشکرا کرد. ئەو تا ئەو شوێنە هێشی کردە سەر شێوازی دیالێکتیکی و بەو ئەنجامە گەیشت کە قسەکردن لەسەر سۆشیالیزمێکی ڕەخنەگرانە مەحاڵە. بێرنشتاین پیاوێکی وریا بوو، تا دوای مردنی ئەنگلسی بەساڵاچوو، دەزگەوەکانی لای خۆی دەهێنایەوە و بەاوی نەدەکردنەوە، تەنیا ئەو کاتە ئاشکرای کردن کە ئەنجامی ترسناکی لەسەر گۆ لەمشتکانی مارکسیستی هەبوو. تەنانەت لەگەڵ ئەو خۆ پاراستنەشدا هەر نەیتوانی ڕزگاری بێت، چونکە لە هەموو ئاراستەیەکەوە هێرشی دەکرایە سەر. کاوتسکی کتێبێکی دژی گومانبوونی جیاوازی ئا و بەچوونی بێرنشتاین نوسی و لە کۆنگرێی هانۆڤەردا ئێدوارد بێرنشتاینی هێژار ناچار بوو ڕایبگەیەنێت کە گوناهبارێکی لاواز و مەردووە و ملکەچی بەیاری زۆرینەی زانستی دەبێت.

هەموو ئەوانەی بێرنشتاین وتبوونی هیچ ئاشکراکردنێکی نوێی نەهێنابووە ئاراوە. ئەو، ئەو سەرەنجامانەی کە لە بەرامبەر بناغەکانی فەرکاری مارکسیستیدا دابنابوو، پێشتر بوونیان هەبووە کە کاتێک هێشتا خۆی نێردراوێکی دەسەزی کۆنیسێی مارکسیستی بوو. ئارگیومێنتەکانی کە باسی لێوە دەکرا لە ئێدەبیاتی ئەنارکیستییەوە تاڵان کرابوون، بەبێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکە. شایەنی سەرنج بوو ئەوە بوو کە یەکێک لە ناسراوترین سۆسیال دیموکراتەکان بە یەکجار بەکاریان بهێنێت. هیچ کەسێکی ژیر نکۆڵی لەوە ناکات کە ڕەخنەکانی بێرنشتاین لە ئێردوگای مارکسیزمدا نەیتوانی کاریگەرییەکی لەبیرنەکراو دروست

بکات: بەرنشتاین لە گرنگترین بناغەکانی ئابووری میتافیزیکی کارل مارکسی دابوو و سەیر نییە کە بەرزترین نوێنەرانی مارکسیزمی ئەرتەدۆکس تووشی شۆڕان بوون .
هیچ کام لەمانە ئەوەندە جددی نەدەبوون ئەگەر وەکو ڕاستییەك لە ناوەڕاستی قەیرانێکی گرنگتردا نەهاتنایە. نزیکەی سەدەیەك مارکسیستەکان لە پشتیارکردنی ئەو بڕچوونە نوێستاون کە مارکس و ئینگڵس دەزگەوەی ئەو شتە بوون کە پێی دەوترێت سۆسیالیزمی زانستی. هەر ئاوا جیاوازییەکی دەستکرد لە نێوان ئەو کەسانەی کە پێیان دەوترێت سۆسیالیستی یوتۆپیایی/خەیاڵیی و سۆسیالیزمی زانستی مارکسیستەکان داهێنرا، جیاوازییەك کە تەنها لە خەیاڵکانی ئەمانەی دووەمیاندا، ماکسیستەکان، بوونی هەبوو. لە وڵاتانی ئەمانداو ئەدەبیاتی سۆسیالیستی لەلایەن تیئیەری مارکسیستییەوە قەرخ کراوە، کە هەموو سۆسیال دیموکراتێک ئەوە بە بەرهەمی پوخت و تەواو ناسێنی دەزینەوە زانستییەکانی مارکس و ئینگڵس سەیری دەکات.
بەگشتی ئەم وەهمەش لەبەرچاو ون بوو : لەکێبڕکێنەوە مەژووییە مەدەرنەکان لە دژەوەی هەموو پرسیارێک ڕوونیان کردەوە کە سۆسیالیزمی زانستی تەنیا لە سۆسیالیستە کۆنەکانی ئینگلیز و فەرەنسییەوە هاتووە و مارکس و ئینگڵس تەبەنییان کردووە کە لە هەڵبژاردنی مشکی ئەوانی دیکەدا شارەزا بوون. دوای شۆڕشەکانی ساڵی 1848 کاردانەوەیەکی ترسناک لە ئەورووپادا هاتە ئاراوە: ‘هاوپەیمانیی پیرۆز’ دەستی کرد بە نواندنی تۆقێنەکانی لە هەموو وڵاتێکدا بە مەبەستی هەناسەچنینی (خنکاندنی) بیری سۆسیالیستیی، کە ئەدەبیاتێکی زۆر دەوڵەمەندی وای لە فەرەنسا، بەلجیکا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا و ئیتالیا بەرهەمهێنابوو. ئەم ئەدەبیاتە نزیکەی تەواو لەم سەردەمە تەمومژاویەدا فەرامۆشکراو لەبیرچوونەوە. زۆرێک لە بەرهەمە گرنگەکان لەناوبران تا کورتکرانەوە بە چەند نموونەیەك کە پەناگەیەکیان لە ئارامیی هەندێک کتێبخانەی گشتی گەورە یان کۆکراوەی هەندێك کەسی تایبەتدا دەزیەوە.

ئەم ئەدەبیاتە تەنها لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەزرایەوە و لەم سەردەمەدا ئەو بیرکۆ بەپیتانەی کە لە نووسینە کۆنەکانی ئەو قوتابخانانەدا دەبینرێن کە دوای فەریە و سانت سیمۆن (Saint Simon ، Fourier) هاتوون، یان بەرهەمەکانی کۆنسیدرانت، دیماسی، مەی (Considerant, Demasi, Mey) و چەندانی دیکە ، مایەی سەرسوڕمانن. ئەو هاوڕێی کۆنمان دبلیو تچەرکەسۆف (W. Tcherkesoff) بوو کە یەکەم کەس بوو کە نەخشەکی سیستماتیکی بە

هەموو ئەم ڕاستیانە هێنایە ئاراوە: ئەو نیشانیدا کە مارکس و ئینگڵس داهێنەری ئەو تیئۆریانە نین کە لە مەژە بە بەشێک لە وەصیەتنامەی فیکری خۆیان دادەنرێت . [1] تەنانەت لەوە زیاتریش پێیشت کە بیسمارکیش کە هێندێک لە بەناوبانگترین بەرهەمە مارکسیەکان، بە نموونە وەکو مانیفێستی شیوعیی /کۆمۆنیست، لە ڕاستیدا تەنیا وەرگێڕانی ئازادانەیە لە فەرەنسیەوە لەلایەن مارکس و ئینگلسەوە. تچەرکەسۆف (Tcherkesoff) سەرکەوتنکی بەدەستهێنا کاتێک بانگەشەکەی سەبارەت بە مانیفێستی کۆمۆنیستەکان لەلایەن ئاڤانتی،(Avanti) ئۆرگانی ناوەندی سۆسیال دیموکراتەکانی ئیتالیا،[2] دانیان پێدا نا، دوای ئەوەی نووسەر دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە بەراوردکاری لە نێوان مانیفێستی کۆمۆنیست و مانیفێستی دیموکراسیدا لە نووسینی ڤیکتۆر کۆنسیدرانت (Victor Considerant) بکات، کە دەرکەوتنی پێنج ساڵ پێش بڵاوبوونەوەی نامیلکەی مارکس و ئینگڵس بوو.

نوسینی : Rudolf Rocker
ساڵی 1925

و: زاهیر باهیر

.....

*وەرگێڕانی ئەم وتارە بە مەبەستی چڵەحانەی نێوانی مارکسیەکان و ئانارکیستەکان نییە بەڵکو بە ڕوونکردنەوە یا تیشك خستنە سەر هەندێك لایەنی تاریکی دوو کەسایەتی زۆر گەورەیە کە مارکس و پرۆدۆنە . بەتایبەت مارکس کە مارکسیەکوردەکان بە ئاگای ئەوە نین کە مارکسی لاو ، لاوکی یاخیی ، کۆمۆنیست بووە، بەڵام مارکسی بە تەمەن ڕادیکالییەکەی وردە وردە کاتێ دەبێتەوە تا ئەو جێیەی کە خەباتی پڕۆلیتاریا بەرەو پڕۆلەتاریزم دەبات .
بەڵای من زۆرەوە کە مارکس وەکو خۆی کە بووە ببینین، نەك وەکو ئەوەی کە دەمانەوێت .

[1] W. Tcherkesoff: Pages d’Histoire socialiste; les precurseurs de l’lnternationale.
[2] The article, entitled “Il Manifesto della Democrazia”, was first published in Avanti! (Year 6; number 1901, of 1902).

دەڤژی هەیە

.....

خوێندنەوەی کتێبی (هێزی بیر کردنەوە)ی پێنا سەعید.. جەودەت سەفی

دوای ئەوەی کە چەند لاپەڕەیەکم خوێندەوە لە کتێبی (هێزی بیر کردنەوە)، هەستم کرد بە دووبارە گەڕانەوەی زەردەشت بێ نێو کوردان بێ بانگەشەی هەنگاونان بەرەو مرۆڤی باڵا. بەڵام با جارێ ئەوەتان بێ باس بکەم کە من چۆن پێنا سەعیدم ناسی.
تا دوو ساڵ بەر لە ئێستا پێنا سەعیدم نەدەناسی. تەنها چەند ئارتیکلێکی ئەو پیاوەم خوێندبۆوە لە سایتە کوردیەکان. بەڵام بە ڕێکەوت هەردووکمان خەمان لە گرووپێکی واتساپی نزیکەی 80 کەسی دا دێزیەوە کە هاوڕێیەکمان بێ گفتوگۆکردن و ڕا گەیێنەوە لە دێزی کورد دروستی کردبوو. لەو گرووپە دا من پرسیارێکم کرد کە بریتی بوو لە : ئایا لەمەودوا کورد دە بێ چ شتێکی جیاواز بکات بێ ئەوەی لە خەباتی ئایندەمان سەرکەوتوو بین؟ وەڵامێکی، بەبۆچوونی من، زۆر خێرا لەلایەن یەکێك لە هاوڕێیانی گروپەکە کە ناوی پێنا سەعید بوو هات کە بریتی بوو لە : (ئەگەر ئیرادەمان هەبێت! ئیرادە!). منیش لەو وەڵامە خێرایە زۆر پەست بووم. چونکە، بەبۆچوونی من، ئەمە دەمێکە گومان لە وشەی ئیرادە بووە. دوای ئەوە کورد ئیرادەی سەرکەوتنی هەیە و سەدان قوربانیشی بێ داوە. بەڵام پرسیارەکەی من ئەوە بوو کە ئایا چ شتێکی جیاواز دەبێ بکەین جگە لە ئیرادە؟ ئیتر لەیەك تێنەگەیشنێکی وا ڕووی دا کە من دڵم لەو برادەرەی کە نەمدەناسی خەریك بووبشکێ. بۆیە بێ یەکەمجا پەیوەندیم لەگەڵدا بەست بە تەلەفۆن و هەوڵم دا هۆکاری دڵ ئێشیەکەم تێبگەم. هەبەتە بە بۆچوونی خۆم وام لێك دەدایەوە کە ئەو پیاوە هەر لە خۆیەوە و بەبێ بیر کردنەوە و تێگەیشتن لە ناوەڕۆك و ئامانجی پرسیارەکەی من وەڵامێکی زۆر خێرای داومەتەوە کە ئیتر مەجالی بیر کردنەوەی نەهێشت بێ هاوڕێیانی تر کەوەڵامی پرسیارەکەی من بدەنەوە. ئیتر کە بە تەلەفۆن قسەمان بەیەکەوە کرد و گومم بۆی شل کرد، تێگەیشتم من چەندە بە هەڵە لەو پیاوە تێگەیشتووم. بۆم دەرکەوت کە من وا خەریکە لە لایەکەوە لەگەڵ کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر و دەروونناسێکی

باڵا و شارەزا لە فەلسەفە و لە تیۆریە کۆمەڵناسیەکان، لەلایەلی تڕەوە کەسایەتیەکی ناسك و بەهێز و لەسەرخۆ و گوێگر و موتەوازیع لەپەیوەندی دام. ئیتر دوای ئەوە زانیم کە چەندان کتێب و ڕۆمان و لێکۆڵینەوەشی نووسیوە بە کوردی. لەو کاتەوە بووین بە هاوڕێ و بەردەوام بە تەلەفۆن قسە دەکەین و بیرو ڕای خۆمان لەسەر بابەتە گرنگەکان دەگۆڕینەوە. ئەو تەجروبەیە ئەوەی نیشان دام کە من وەکو کوردێك چەندە دژ شکاوم و دژ بریندار و هەستیارم بەڵێ ئەوەی هەستی پێ بکەم و بەڵێ ئەوەی بزانم بۆ؟ خەریك بوو پێڕا سەعید لە بیر کردنەوەی خۆم دا بکەم بە دووژمنێکی خۆم! سەیرە! کەچی دوای دیالۆگ و گوێ لەیەکتر گرتن ئەو دەعبا زلەی لە خەیاڵی خۆم درووستم کردبوو تەنها ئەنجامی پەروەردە و بریندە قووڵەکانی ناخم بوون کە هەندێکیان لە باب و باپیرانمەوە بۆم ماونەتەوە کە ئەمرم پێ دەکەن: (هەر کاتێ کەسێك لێت تێنەگەیشت یان هاوڕات نەبوو ئەوا دووژمنتە!).
ئەمڕۆ لە خوێندنەوەی یەکێك لەو کتێبەکانی کاك پێڕا سەعید تەواو بووم، کە بریتیە لە (هەزی بیر کردنەوە)ە. ئەو کتێبە کارێ گوستاق یوونگ ی بە بیر هێنامەوە کە چۆن هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ گەڕان بەدوای خۆ یان خود یان من، پێڕاش وەکو وڕێ و دڵوانە دەگەڕیت بە دوای خۆی دا و وەکو دەروێشێك لە هەموو دەرگاکانی سپیریتوال و فەلسەفەو دەروونناسی و کۆمەڵناسی و نۆرۆساینس و هتد دەدات و بە دوای وەڵامی پرسیارێك، تەنها یەك پرسیار دا دەگەڕێت، کە بریتیە لە (من کێم؟).
بەر لە هەموو شتێك، دەبێ دان بەوە دا بنێم کە فیدباك یاخود نووسینی ڕایەك لەسەر ئەو کتێبە کارێکی ئاسان نیە، هەروەکو خوێندنەوەی ئەو کتێبە کارێکی ئاسان نیە. چونکە هەروەکو نووسەر خۆی بەتەلەفۆن پێی گوتم: (من بۆ نووسین دەنووسم نەك بۆ خوێنەر. بۆیە من چۆن بیر دەکەمەوە ئاواش دەنووسم. دوای ئەوە دەڵێ: من بە دوای بیر کردنەوەی خۆم کەوتووم نەوەك دوای خوێنەر)!!!!!
پێڕا بەدوای بیر کردنەوە دا وڕێ بووە. بۆیە سەختە بۆ من کە بتوانم بچمە نێو جیهانی ئەو و بە تەوازوعەوە شتێك بنووسم لە سەر کتێبێك کە شەونخوونی و ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە. کتێبێك کە پێە لە کۆڵانی تەسك و تاریك و کون و قوژبنی شەوەزەنگی قووڵایی ناخ و دەدەروونی پێڕا سەعید؛ کەسێك کە دەگەڕێت بە گەیشتن بە ئاستی مرۆڤی باڵا!
بە ڕاستی کەم کتێبی کوردیم خوێندۆتەوە کە بە قەد ئەو کتێبە چڕ و پڕ بێت و سوودی وەرگرتبێت لەو هەموو سەرچاوانە، نەك تەنها لە یەك گۆشەنیگاوە. ئەو کتێبە هەوڵی داوە لە دەرگای هێز و توانای

بەسنووری بیر کردنەوەی مرۆڤ بدات بۆ هەنگاو نان بەرەو جیهانی تاریکی تاك. پۆپا سەعید وەکو دەروونشیکەرەوەیەك نەهاتووە کار ئاسایيمان بۆ بکات و ئاوڕمان بکات تەنها لە دەروازەی دەروونناسی و بچوونەکانی فرۆید و ژان پیاژێ و کارڵ ڕۆجەر و ئێریکسۆن سەیری بابەتەکان بکات. بەکو هەوڵی زۆری داوە و زەحمەتی زۆری کێشاوە کە دەستز بێت بۆ کەراکتەری ئاژەزی بابا تەکە کە کەسایەتی و کاراکتەری تاکی مرۆڤە. بۆیە هاتووە سوودی لە لێکۆڵینەوەی زانستیەکانی تریش وەرگرتووە وەکو بۆچوون و بنەماکانی فەلسەفی و کۆمەناسی و کولتووری و سیاسی و ئابووری و نۆرۆلۆگی و هتد. هەبەتە ئەوە بەڵاستی جێگەی وەستان و پرسیار کردنە کە نووسەر بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە بابەتەکە تێبگات، چەندە زەحمەتی کێشاوە و چاند کاتی بەسەر بردووە بە خوێندنەوەی چڕ و بە زەینانەی دەیان کتێب و نووسرا و و لێکۆڵینەوە و جگا لە ئەبسترقایشنی خودی خۆیشی لە ڕووگەی کارەکایەوە وەکو دەروونشیکەرەوە لەو نەخۆشخانە دەروونیەی دانیمارك کە کاری تێدا دەکات. ئینجا نووسەر هاتووە بەشێوەیەکی ورد و پڕفیشێنالانە و ئەکادیمیانە سوود وەردەگرێت لە تیۆریەکان بۆ شیکردنەوەی بیرکردنەوەو هەسوکەوتی تاك بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتی. ئەوەش هەوڵێکی زۆر بوێرانەیە. چونکە نووسەر تەنها وەکو ئەبسترقەر نەوەستاوە وێنەی شتەکانمان بۆ بگوازێتەوە. بەکو هاتوە دەست و پێیەکانی خۆی خستێتە نێو قوڵکی خەستەوە و هەوڵستێکی ڕەخنەگرانە وەردەگرێ و هەست بەوە دەکەین کە چەندێ پۆپا سەعید تاك و کۆمەڵ و نیشتمانی خۆش دەوێ و بۆی دەسووتێ و هەوڵ دەدات کە تاکی کورد لە کێت و بەندی بڕماوەیی هەستکردن بە بچووکی و کەمتر لەوانی تر و نەمانی هیوا بەڕ سەربەخۆیی کوردستان ڕزگار بکات و وەکو ئەوەی زەردەشت دووبارە گەڕابێتەوە خۆی دەکات بە مەم بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگا تاریکەکان بۆ تاکی کورد کە چۆن ببن بە مرۆڤی باڵا. ئەو مرۆڤەی کە بە بۆچوونی نیچە بەرپرسیارێتی فەوزا و بێسەروبنی ناوەوەی خۆی دەگرێتە ئەستۆی خۆی و بەبێ ئەوەی بیانشارێتەوە جلەوی ئەسپی لایەنە تاریکەکانی دەروونی خۆی دەگرێتە دەست، وە ئەو کاتە دەبێ بە مرۆڤی باڵا کە توانی لایەنە دژ بەیەکەکانی ناوەوەی خودی خۆی کۆنترۆڵ بکات و خاڵی هاوسەنگیان بۆ بدۆزێتەوە.

پۆپا سەعید هەوڵ دەدات لە گەڵ خۆیدا بمانبات بۆ سەفەرێکی هات و نەهاتی نێو پۆپسەی گەڵان بەدوای خۆدا،یان بەدوای خود، بۆ گەیشتن بە خود و بە تاکەکانی دەوروبەر و بە کۆمەڵ. داوەتمان دەکات بۆناو جەهەننەمێك کە بە بێ ئاگایانە و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین کە خۆمان لە ناوی دا دەژین! چونکە نووسەر پێی وایە و

دەشیسەلمێنیت کە تەنها بە قبووڵکردنمان بە چوونە ناو ئەو جەهەننەمە و پێ خستنە ناوییەوە دەتوانین بگەڕێین بەدوای (من) دا.چونکە ئەنستانسی (من) وون بووە و پێشاوەتەوە لەژێر پاڵەپەستۆی ئەنستانسی (منی باڵا) کە بریتیە لە پاڵەپەستۆ و چاوەڕوانی ناهۆشیاری دەستەجەمع کە کولتووری دەورو بەرو پەروەردە و تەجروبەکانی تاك لە منداڵییەوە پەیکەری دەروونی تاکیان وێنە کردوە. چونکە دڵزینەوەی (من) ووبەووی ئاوێنەی خودی خۆمی ئاستەقینەم دەکاتەوەو، ئەو کاتە، تەنها ئەو کاتە ئاگەم بێ ئازاد دەبێ کە چەند سەرەداوێك بدزمەوە کە لەوانەیە بمبەن بەرەو ناسینی خود، خۆ، من!
پۆڵا سەعید، پشت دەبەستێت بە نیچە و کانت، هەروەکو زەردەشت بانگهێزمان دەکات کە ویستەکانمان (ئیرادەکانمان) یاسایەکی بنچینەییان بێت ، وەك پرەنسیپێکی یونیڤرسال. واتە ویستەکانمان لە قازانجی هەموو مرۆڤایەتی دا بن.
بە بروای من ئەگەر هەموو تاکێکی کورد بە زەینەوە (هۆزی بیر کردنەوە) بخوێننەوە ئەوا هەنگە جموجۆڵێکی دەروونی تیایان دا درووست ببێت کە ببێتە هۆی بیر کردنەوەیەکی جیاواز. بیرکردنەوەی جیاوازیش بەرەو ووشەو کرداری جیاوازمان دەبات.
من زۆر سوپاسی کاك پۆڵا سەعید دەکەم. چونکە لەو باوەڕەدام توانی لە ڕێگەی ئەو کتێبەی دا وەڵامی پرسیارەکەم بداتەوە کە لە جیهانە جەهەننەمییەکەی ناخم لەجیاتی ئەوەی دڵخۆش بم بە وەڵامەکە، خەریك بوو دووژمنێکی وەهمی بێ خۆم درووست بکەم و کاك پۆڵا بکەم بە هۆکار و سەبەب کاری ناڕەحەتییەکەم. چونکە بەڕاستی خۆخستنەوە ژێر پرسیار کارێکی سەختە. شەڕ کردن لەگەڵ لایەنە دژ بەیەکەکانی قووڵاییە تاریکەکانی ناخی خودی خۆت زۆر ئازایاتی و بوێری زیاتری دەوێت لە شەڕ کردن لەگەڵ دووژمن. بەڵام کتێبی هۆزی بیر کردنەوە سەرەداوی چۆنێتی شەڕکردن و سەرکەوتن بەسەر کۆت و بەندە ناڕاگایییەکان دەداتە دەست خوێنەر. ئیتر تاك ئازادە لەوەی کە دەیەوێ یان نایەوێ ئەو شەڕە بکات.
من وەکو شارەزایەکی پەروەردەیی، پێشنیاری ئەوە دەکەم بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کە کتێبی هۆزی بیرکردنەوەی پۆڵا سەعید کاری لەسەر بکرێ و ببێت بە سەرچاوەی وانەی پەرەپێدانی کەسی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی کوردستان بۆ قوتابییەکان و هەروەها بۆ مامۆستایەکانیش. ئەگەر ئێمە تێوی بیری جیاواز لە کڵگای مێشك و دەروونی منافەکانمان دا بڕوێنین، ئەوا بە دڵنیاییەوە داهاتوویەکی جیاواز چاوەڕوانیان دەکات.

جەودەت سەفی
ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی
20.05.2023 ژنێف

دەستنیشانکردنی شێواز لە ڕێتمی ناوەوەی کۆرتە چیرۆکی ‘گیاندان’.. عبدالسلام اسماعیل صادق

شێواز style)):
ئەگەر بۆ گشتی باسی شێواز بکەین، دەتوانین بڵێین: هەر کەسێک کۆمەڵێک شێوازی تایبەت بۆخۆی هەیە، بۆ نموونە: شێوازی نانخواردن، قسەکردن، بۆ ڕێگادا ڕۆیشتن، سەیرکردن… بۆ گشتی هەر مرۆڤێک شێوازی هەڵسوکەوتکردنی خۆی هەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیانداء دەشکرێت شێوازی کەسێک بۆ شێوازی کەسێکی تر بچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسێک بەهۆی چەند شتێکەوە کە دەکرێ بڵێین شێوازی ئەو کەسەیە، دەتوانرێت بناسرێتەوە. ئەگەر لە ڕووی ئەدەبەوە سەیری شێواز بکەین و هەوڵبدەین پێناسەیەکی بۆ بکەین، دەتوانین بڵێین جۆرە پێناسەی بکەین و بڵێین: شێواز بریتییە لە شێوە جیاوازەکانی ماماڵەکردنی زمان (٢). شێواز لە ئەدەبدا سەروکاری لەگەڵ زمانە، ئەو زمانەی کە ئەدیب بەکاریدەهێنێت، شێواز لێو زمانە دەردەهێنرێت (شێوازی ئەدیبێک لە زمانەکەیەوە دەردەکەوێت).
دەتوانرێت شێواز لە سێ ڕوانگەوە دیاری بکرێت، ئەوانیش بیتیین لە: نووسەر، خوێنەر و دەق (٢). ئەوەی کە پەیوستە لەبارەی نووسەرەوە بیزانین، فکری نووسەرەکەیە، مارکسی، ئیسلام، بەدینە، لە چ ڕوانگەیەکەوە سەیری ژیان دەکات…تاد. ئەوەی ڕاستی بێت لە پشت مەدەرنیزم، نووسەر لە دەق دادەبڕێت و هیچ پەیوەندی بە دەقەکەوە نامێنێت. هەرچی خوێنەرە، پێگەیەکی گرنگی هەیە لە دیاری کردنی شێواز، لە پشت مەدەرنیزمدا دەخێکی نوێ دێتە پێش، ئەویش گرنگیدانە بە خوێنەر؛ خوێنەر بەیە گرنگە، چونکە ئەگەر دەقێک

بۆنین و کەمەک خوێنەر شەوازی ئەو دەقە دیار بکەن، دەبینین جیاوازی هەیە لە نێوان هەموو ئەو شێوازانەی کە خوێنەرکان دەستنیشانیان کردووە و دەریانهێناوە. لەگەڵ ئەوانەشدا لەگەڵی دەقیشەوە دەتوانین شێواز دیاری بکەین، وەکو: زمانی دەق، ستەکان لادانەکانیان چین و چۆن، وەسفەکان چۆن و واتاکانی چین، هەموو ئەوانە دەچنە ناو ڕوانگەی دەقەوە.
دەشێت شێواز بەپێی ڕەگەزەکانی ئەدەب-یش دەستنیشان بکرێت، کە بریتیین لە ڕەگەزەکانی: زمان، بیر، سۆز و جوانکاری (٣).
شێواز سێ ئاستی هەیە، کە بەهەی ئەو ئاستانەشەوە دەتوانین شێواز دیاریبکەین، کە ئەوانیش ئاستەکانی ڕیتم، پێکهاتە و دیلال-ە (٤). لە ئاستی ڕیتم، ڕیتمی دەرەوە و ناوەوە هەیە. ڕیتمی دەرەوە بە زەری خێی لە کێش و سەروا دەبینرێتەوە؛ ڕیتمی ناوەوە-ش پەیوەندی بە دەنگ، بەگە، وشە، دەستەواژە و ستەوە… هەیە. لە دوای ئاستی ڕیتم ئاستی پێکهاتە هەیە، کە بە گشتی ڕەخستنی ستەکان، کورتبڕی، درێژدادڕی، پێش و پاش خستنی وشە، پەیوەندی نێوان ستەکان و هاوئاهەنگی نێوان ناونیشان و کەی گشتنی دەقەکە… دەگرێتەوە. ئاستی دیلال کە کۆتا ئاستە، هەرسێ ئاستەکەی ڕەوانبێژی دەگرێتەوە، کە بریتیین لە: ڕووبێژی، واتاناسی و جوانکاری، لەگەڵ لادانەکان و لایەنی هزری و دەرونی ئەدیب… ئەوەی گرنگە بیەەم، ئەو ئاستانە لەیەکتر دابڕاو نین، بەڵکو پەیوەندیەکی تەواویان بە یەکترەوە هەیە و تێکەڵ بە یەکتر دەبن.
ڕیتمی ناوەوە لە کورتە چیرۆکی ‘گیاندان’؛ ئەدیب باسی پەیوەندی عاشقانەی نێوان دوو دەدار، ژوانی نێوانیان، لەیەک دابڕانی ئەو دوو عاشقە دەکات، کە چۆن سەربازەکان دێن و بەسەر گوندەکەیاندا دەدەن و تاڵانکاری و کاولکاری دەکەن و کچانی ئەو گوندەش دەبەن و دەستدرێژیان دەکەنە سەر و لە بیابان زیندە بە چاڵیان دەکەن، کە یەکێک لەو کچانە فاتم-ی مەعشوقە. بەو جۆرە ئەو دوو عاشقە بۆیەکتر ناگەن و دیداریان دەچێتە قیامەت.
لەم کورتە چیرۆکەدا، ڕەگەزێکی زەر ڕیتمی ناوەوە لە هەردوو ڕیتمی دەنگ و وشە بەدی دەکرێت. لە ڕیتمی دەنگیشدا دووبارەبوونەوەی دەنگ و دووبارەبوونەوەی بەگە لە سەرەتا و کۆتایی وشەکان بەدی کرا، وە لە ڕیتمی وشەدا دووبارەبوونەوەی وشە و پێش و پاشکردنی وشە بەدی کرا. لەگەڵ ئەوانەشدا، دووبارەبوونەوەی دەستەواژە و ستەش بوونی هەیە.
لە دووبارەبوونەوەی دەنگدا، چەند نموونەیەکمان هەیە، کاتێک ئەدیب دەڵێت: ”من تەنها لەبەر بە کەسی دایکم بوو دواکەوتم، دەنا ئەبەزووم دەکرد منیش دوای ئەو کچێت دواتکەوتبام“.

دووبارەبوونەوەی دەنگی ‘د’ لەسەرەتای وشەکانی: دایکم، دواکەوتم، دەنا، دەکرد، دوای، دواتکەوتبام، یەتمی دروست کردوو.” نەمدەتوانی باوەبکەم تە کوژراوی، ئاوەزم توانای قبوڵکردنی ئەوەی نەبوو کە دەستانە هەبن بتوانن تەی فریشتە بخەنە چاکەوە و بە زیندوەتی داتپەشن. نەمدەتوانی هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی باوەبکەم تە نەماوی، هەنگە هەی ئەوەبەت کە هەحەت هەمیشە لەگەمدا بووە”. دوازدە جار دووبارەبوونەوەی دەنگی ‘ت’ یەتمەکی جوانی بەم پەگرافە بەخشیوە. ”فاتم گیان ئەگەر ئەو هەژە دایکانت دەدی چەن باوەش بە ئەمدا دەکەن، هەرچی برینت هەیە ساەژ دەبوو، تەمەنەکی درەژ بوو”. دووبارەبوونەوەی دوو دەنگی کەتایی وشەکانی: ساەژ و درەژ، یەتمەکی جوانی بەو دەە بەخشیوە.” تفەکم لەو تفەنگە بە دەساەاتەی خەم کرد”. دووبارەبوونەوەی دوو دەنگ لە سەرەتای وشەکانی: تفەک و تفەنگ، یەتمی بەم ستایە بەخشیووە.
هاوپەچ لەگەە دەستنیشان کردنی یەتمی دەنگی ئەو کورتە چیرەکە، ئامارەک بە پەگرافەکان وەردەگرین، کە چ دەنگەک لە چ پەگرافەکدا زەرترینجار دووبارە بوەتەوە. کورتە چیرەکەکە بە گشتی لە ١٤ پەگراف پەکدەت، هەر پەگرافەی دەکرەت لە ١ دەنگ یاخود زیاتریش وەکو یەتمی ناوەوە تەیدا دەرکەوتبە:
١. پەگرافەی یەکەم: لەم پەگرافەدا دوو دەنگ زەرترینجار دووبارە ببوونەوە، ئەوانیش بریتیی بوون لە دەنگەکانی ‘ت’ ٨جار و ‘د’ ٩جار.
٢. پەگرافەی دووەم: لەم پەگرافەشدا بەهەمان شەوە، هەر دوو دەنگی ‘ت’ ٢٧جار و ‘د’ ٢١جار زەرترینجار دووبارە ببوونەوە.
٣. پەگرافەی سێیەم: لەم پەگرافەدا سێ دەنگ زەرترینجار دووبارە ببوونەوە، ئەو دەنگانەش بریتیی بوون لە ‘ت’ ٧٧جار، ‘د’ ٦١جار و ‘ن’ ٦٨جار.
٤. پەگرافەی چوارەم: لەم پەگرافەدا دەنگەکانی ‘ن’ ١٩جار و ‘ت’ ٣١جار، زەرترینجار دووبارە ببوونەوە.
٥. پەگرافەی پێنجەم: لەم پەگرافەدا زەرترینجار دەنگی ‘ک’ ٣٢جار دووبارە ببووەوە.
٦. پەگرافەی شەشەم: لەم پەگرافەدا دەنگەکانی ‘ت’ ١٠جار و ‘ک’ ١٢جار زەرترینجار دووبارە ببوونەوە.
٧. پەگرافەی حەوتەم: لەم پەگرافەدا زەرترینجار دەنگی ‘م’ ٣٧جار دووبارە ببووەوە.
٨. پەگرافەی هەشتەم: لەم پەگرافەدا دەنگەکانی ‘ت’ ١٨جار، ‘م’ ١٦جار و ‘ن’ ٢٣جار، زەرترینجار دووبارە ببوونەوە.
٩. پەگرافەی نۆیەم: لەم پەگرافەدا زەرترینجار دەنگی ‘ن’ ٢٤جار

دووبارە ببووەوە.
١٠. پێڕاگرافی دەیەم: لەم پێڕاگرافەدا زۆرترینجار دەنگەکانی ‘د’ ٢٠جار و ‘ب’ ١٩جار دووبارە ببوونەوە.
١١. پێڕاگرافی یازدەم: لەم پێڕاگرافەدا زۆرترینجار دەنگی ‘م’ ٣٥جار دووبارە ببووەوە.
١٢. پێڕاگرافی دوازدەم: لەم پێڕاگرافەدا زۆرترینجار دەنگی ‘ن’ ٤٠جار دووبارە ببووەوە.
١٣. پێڕاگرافی سێزدەم: لەم پێڕاگرافەدا زۆرترینجار دەنگەکانی ‘م’ ١١جار و بزۆنی کورت ‘ە’ ٢٢جار دووبارە ببوونەوە.
١٤. پێڕاگرافی چواردەم: لەم پێڕاگرافەدا زۆرترینجار دەنگەکانی ‘ن’ ٢١جار، ‘م’ ٢٣جار و بزۆنی کورت ‘ە’ ٤٥جار دووبارە ببوونەوە.
• ئەگەر سەیر بکەین دەبینین لە زۆربەی پێڕاگرافەکاندا دەنگی ‘ت’ زۆرترینجار دووبارە بووەتەوە. کەواتە دەنگی ‘ت’ شێوازی ێیتمی دەنگیی ئەم دەقەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ێیتمە لەخۆ دروست نەبووە، ئەگەر دیقەت بدەین، دەنگی ‘ت’ بە زۆری لە وشەکانی: تەش، ئەوانی تریش، خەشەویستم، تف، تفەنگ، نەمدەتوانی... هەموو ئەو وشانە پێوەندی بە گێڕانەوەی دەقەکە (گێڕانەوەیەکی هەمان شت زانە)، مەعشوق و لایەنی سێیەمەوە هەیە، بۆیە لێرەدا ڕاستەوخۆ ئاستی ێیتمی دەچێتە نێو ئاستەکانی پێکهاتە و دیلال و تێکەڵ بە هزر و دەرونی ئەدیب دەبێت.
دوای دووبارەبوونەوەی دەنگ، دووبارەبوونەوەی بەگ هەیە، هەم لە سەرەتا، ناوەند و کۆتایی وشەکان: ”بۆیە کەنەشم دەبرد و دەگریام“. دووبارەبوونەوەی بەگی سەرەتای وشەکانی: دەبرد، دەگریام. ”من تەنها لەبەر بە کەسی دایکم بوو دواکەوتم، دەنا ئارەزووم دەکرد منیش دوای ئەو کەچێت دواتکەوتبام“. دووبارەبوونەوەی بەگی ناوەڕاستی وشەکانی: دواکەوتم، دواتکەوتبام. ”هەر تەزقاڵێ ئەقڕە بگرێ“. بەگی کۆتایی وشەکان ‘ڕ، ڕ’ دووبارە بووینەوە.
چەند نموونەیەک لەسەر دووبارەبوونەوەی وشە: ”من تەنها لەبەر بە کەسی دایکم بوو دواکەوتم دەنا ئارەزووم دەکرد منیش دوای ئەو کەچێت دواتکەوتبام“. دووبارەبوونەوەی وشەی ‘دواکەوتن’، کە دەڵێ ‘دواکەوتم، دوای ئەو کەچێت دواتکەوتبام’، لێرەدا ێیتمکی جوانی دروستکردووە بە دووبارەکردنەوەی ئەو وشەیە.” وایان فەرکردبووم کە خەشەویستی پاک پێوەندی نێوان ڕۆح و ڕۆحە نەک جەستە و جەستە“. دووبارەکردنەوەی دوو وشەی جیاواز ‘ڕۆح، جەستە’ ێیتمکی ناوازەی دایتە ئەو دەڵێ. ”تە دەتویست دەستم بگریت و چەژی ماچ و پێکەوە نووسانی جەستە و جەستەم فەربکەی“. لێرەدا نووسەر دەیتوانی تەنیا بڵێت ”پێکەوە نووسانی جەستەم فەربکەی“ بەڵام درێژدادەی کردووە

(کە لەرشدا دەچێتە نەو ئاستی پێکهاتە) ، لەگەڵ ئەوشدا یەتمەکی جوانی بەخشیوەتە ئەم دەڵێ. "من سەختیم زۆر کەشا، بەڵام دەزانم هەموو ئەو سەختیانەی کە من کەشاومە ناگاتە چرکەیەکی سەختیەکانی تە، چونکە هەر چۆنە بوو من خەم ئەو سەختیەم هەبەزارد". بە چوارجار دووبارەکردنەوەی وشەی 'سەختی'، یەتمی بەو هەستەیە بەخشیووە. "هیوادارم ئەو جەستە پاک و ڕوونەت کە من نەمدەوێرا پەنجەی بە بەرم، ئەو جەستە پیرۆزەت بە جەستەی ئەوان لەخن نەبووبە". دووبارەکردنەوەی وشەی 'جەستە' بووتە هەی پەدانی یەتم بەم هەستەیە. "پەم وابوو ئەو دەنگە تەنها دەنگی خەی نییە، بەکو دەنگی هەموو دایکان ئاوەتەی دەنگی بووە و گوزارشت لەو سەرکەوتنە دەکات". چوار جار دووبارەکردنەوەی وشەی 'دەنگ' یەتمەکی جوانی بەخشیووە.

هەروەک باسمان کرد، دووبارەبوونەوەی هەستە و دەستەواژەش لەم دەقەدا هەیە؛ کە ئەدیب دەڵێت: "من دەزانم بە دەستی تە بوایە بە دووی من بکەوی و بەین، بەڵام بە دەستی خەت نەبوو، بە دەستی براکانیشت نەبوو، فاتم گیان ئەوجارە بە دەستی کەسانە بوو کە هیچ مافەکیان بەسەرتەوە نەبوو" لە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی 'بە دەستی' یەتمی ناوەوەی دروست کردووە؛ کە دەشڵێت: "لە دەی خەمەوە دەمووت خەزگە هاست بوایە و ئاگاداری نهەنی و غەیب بوایە بە ئەوەی ئەم عەشقە خودایەی منیشی پە درک بکردایە، دەمووت بریا هاست بوایە"، لەرەدا نووسەر دووجار هەستەیەکی دووبارە کردەتەوە، کە دەڵێت 'دەمووت' واتە 'من دەمووت'، سینتاکسییە، جا دووجار دووبارەی کردەتەوە، بەوەش یەتمی دروستکردووە.

بە گشتی دەتوانین بەین: کورتە چیرۆکی 'گیاندان' یەکەکە لەو دەقانەی کە بە کارکردن لەسەر شەوازەکەی، دەتوانرێت یەتمی ناوەوە بەکاربهەنرێت، واتە لەووی یەتمی ناوەوە شەواز دیاریبکەین، چونکە ڕۆژیەکی زۆر یەتمی ناوەوەی تەدایە.

سەرچاوەکان:

١. مەرگی مرۆڤ و نیوەک "ڕۆمانی کەچ و ١٥ کورتە چیڕۆک"، مەهاباد قەرەداغی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢. شەواز لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا، حەمە نوری عمر کاکی، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلەمانی، ٢٠٠٨.

٣. شەواز و شەوازگەری، د. ئیدریس عەبدوڵا، هەولێر، ٢٠١٠-٢٠١١.

٤. تیۆری ئەدەبی و شەوازناسی، پیتەر هاڵبەرگ و دانەرانی تر، و:

ئەنوەر قادر محەمەد، مەبەندی کوردەلەجی، سلەمانی، ٢٠١٠.

ناوی کتەب: درەختی مەرگ..
نوسینی: سەلاح جەلال عەبدوڵا

بابەت: شانانامە
دیزاین: بەرگ و کاری هونەری: سەرکەوت پەنجوینی
ساڵی چاپ: 2023سلەمانی
چاپخانەی جارانی سلەمانی
نرخ: 2000 دینارە
چاپ : چاپی یەکەم
لە بەڕوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(997)
10/5/ 2023ی پێدراوە ..

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن..

SalahJalal_DraxtDownload

ڕەنگدانەوەی پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕۆمانی پەناهەندە.. کوردە نزار ئەحمەد

پۆست کۆلۆنیالیزم تیۆرێکی نوێیە پسپۆری و چالاکی هەیە لە گۆشەی، چونکە لە لایەکەوە ڕەگ و ڕیشەکانی لەنێو تیۆر و قوتابخانە جیهانیەکانی وەک مارکیسیزم، پۆست مۆدێرنیزم، پاش بونیادگەری، دیکۆنشیکاری...هتد هەیە. لەلایکی تریش کاریگەری بە زانست و بابەتە جیاوازەکانی سیاسەت و ئابووری، فەلسەفە ، مرۆڤناسی، جوگرافیا و

مژوو. پەست کۆلۆنیالیزم گشت کلتورەکانی ژێر کاریگەری پرۆسەی ئیمپراتۆریەت لە یەکەم ساتی داگیرکردنەوە تا ئێستا لەخۆ دەگرێت، چونکە داگیرکردنی ئەو وڵاتانەی کە بە هەرشەکانی ئیمپراتۆریەتیەکانی ئەوروپا دەستی پێکردبوو تا ئێستاش بە پێی هەوتەکی مژووی بردەوامە، کە ئەویش هەوتی ئیمپریالیزمە.

ئاشکرافتیش لە پێناسەکردنی پەست کۆلۆنیالیزم دەڵێت: "پەست کۆلۆنیالیزم پەیوەندی بە سەردەمی پاش سەربەخۆی هەیە و پیشاندەری گشت کلتورانەیە، کە پرۆسەی ئیمپریالیزم لە دەسپێکی داگیرکاری تا ئێستا دەستی بەسەرداگرتوون. لەم هوانگەیەوە پەست کۆلۆنیالیزم گوزارشتە لەو بارودۆخەی کە لە ژێر هەیمەن و دەسەڵاتی پرۆسەی داگیرکاری دەتە ئاراوە، چونکە لە پرۆسەی داگیرکاریدا ئاوگەری کلتوری لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراو دەتە ئاراوە، بەو پێیەی لە داگیرکاریدا کاتێک داگیرکەر دەست بەسەر خاک و زەمینەی نەتەوەیەک دا دەگرێ هەوڵدەدات لە هەموو ڕوکەوە خەیی زاڵ بکات بەسەر داگیرکراودا" (هیمداد حوسێن و هاوکارانی، ئەدەبی بەراورد).
ئەتوانیین بڵێن پەست کۆلۆنیالیزم ناوونیکی زۆر و ئاڵۆزی تێدایە، کە ئەم ناوونی و ئاڵۆزیەش بە ئەو بوارە فراوانەی لێکۆڵینەوە پەست کۆلۆنیالیزمەکان دەگەیەنێتەوە، چونکە هەر لە تیۆر و ڕاخنەی ئەدەبی تا زانست و بابەتە جۆراوجۆرەکان لێخەدگرە لە بنەڕەتەوە بوارێکە چوارچێوەدار نیە و پێناسە کردنی سەختە.
لە پرۆسەی داگیرکاریدا پەیوەندییەکی دووڵایەنی هەیە، واتە زۆر جار داگیرکەریش دەکەوێتە ژێرکاریگەری داگیرکراو، بەڵام زیاتر داگیرکەر زاڵترە، چونکە داگیرکەرەکە بەهەی باڵا دەستی بە زۆر هەوڵدەدات کە دەسەڵاتی خۆی و کلتوری خۆی بە زۆر بسەپێنێ بەسەر وڵات و نەتەوە داگیرکراوەکە و لە هەموو ڕوکەوە وڵاتە ژێر دەستەکە بگەڕێ لە ڕوی سیاسی و ئابوری، کۆمەڵایەتی، خێزان، زمان، ئەدەبیات، تەنانەت شێوازی ژیانکردنیش کاریگەری خۆی جێدەهێڵێت؛ دواجار ئەمەش ئەبێتە هۆی دروست بوونی دژایەتی لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراو، چونکە دەست بردن بۆ گۆڕینی ژیان و کلتوری و کۆمەڵگەی خەڵکە داگیرکراوەکە دەبێتە هۆی دروست بوونی ڤەکی زۆر لایەن خەڵکە ژێردەستەکەوە، لەبەر ئەوەی لەم پەیوەندییە دوو لایەنەدا داگیرکەر بە نەژادی باڵاتر، پێشکەوتووی خاوەن شارستانیەت من، هەروها داگیرکراویش بە مرۆڤێکی کەوی و دوور لە شارستانیەت و ئاوەی تر، دەناسێنرێت لەوکاتەشدایە کە پەست کۆلۆنیالیزم سەرهەڵدەدات.
ئاگەر پەست کۆلۆنیالیزم گوزارشت کردن بێت لەو ئاوگەڕە

کلتوریی، کە لە ژێر پێسی داگیرکاریدا لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراو دەتە کایەوە، ئەوا تیۆرێک، کە لەم بابەتە دەکۆتەوە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزمە، تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم کەمێک تێروانینی تیۆری و ڕەخنەیە، کە لە کاریگەریکانی جیگەرکەی کلتوری دەکەنەوە گرینگی بە تێوانینکانی پێیوەست بە خۆاگری و بەرگریی لە ناسنامەی کلتوری خەیان دەکەن یان دەتوانین بڵین، کە چەند تیۆرێکی جەراوجەر و ڕەخنەیە لە یەکەم هێڵی داگیرکردن دا بە دیدی ڕەخنە گرانەوە تاوتوێی پێیوەندی ئەو نەتەوانە دەکات، بابەتی کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم لە هەموو ئەو تێروانینە تیۆری و ڕەخنەییانە بابەتی سەرکین.
تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم تیۆرێکی فراوان و بەربڵاوە و لە زۆربەی بوارەکان خێی دەبینێتەوە، یەکێک لەو بوارانە ئەدەبیاتە، چونکە ئەگەر تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لێکۆڵینەوە لە کاریگەریە کلتوریەکان بکات ئەوا ئەدەبیات وەکو بەشێک لە کلتوری هەر نەتەوەیەک زۆرترین ئەو کاریگەریانەی تێدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە ئەدەبیات دەبێتە بواری لێکۆڵینەوە لەم تیۆرە؛ واتا پۆست کۆلۆنیالیزم لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات و بەرهەمی ئەو نوسەرانە دەکات، کە بە ماوەی چەندان ساڵ لە وڵاتە داگیرکەر و داگیرکراوەکان ژیاون، چونکە ئەو نوسەرانە پێیان وایە نوسینی مۆژوو و بیرەوەری خۆجێی ئەدەبیاتی کلتوری باشترین ڕێگایە بۆ بەرنگاربوونەوە و وەستان دژی داگیرکاری، ئەوەی تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لە بواری ئەدەبیدا دەیەوێت و بانگەشەی بۆ دەکات هێورشاندنەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو گوتار و بانگەشەی نادادپەروەرانە و نایەکسانیەیە، کە وڵاتانی کۆنیکەر بەسەر تێکەڵەی ئەدەب و زمان و کلتوری نەتەوە داگیرکراوەکانیان سەپاندووە (هیمدام حوسین و هاوکارانی، ئەدەبی بەروارد).

ئەگەر وڵاتە داگیرکەرەکان بە درێژای مۆژووی داگیرکاریان لە هەوڵی بەرهەم هێنانی گوتارێک دا بووبن سەبارەت بە ڕەڤەندەکات، ئەوا ئامانجی سەرەکی ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەرهەم هێنانی ئەو گوتارە و ڕەتکردنەوەی، بە واتایەکی تر ئامانجی ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم لێکۆڵینەوەیە لە دید و بۆچوونەکانی ڕەڤئاوایەکان، کە چۆن سەیری ئەو میللەتانە دەکات و چۆن بەردەوامی بەو سەیرکردنە دەدات و بە جیهانی دەکات تاوەکو درێژە بە داگیرکاریەکی خێی بدات، لە سیستەمی نوێی جیهاندا میللەتە ڕزگاربووەکان لە داگیرکاری تا ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان داگیرکراون، چونکە ناسنامە ماف، ماڵ، دارایان کراوەتە

ئامانج تا ئێستاش بیری ڕۆژئاوا سەنتەری بەاو و باوە.
بە ئەم مەبەستەش نوسەرانی پێست کۆلۆنیالیزم لەو باوەڕدان، کە دەکرێت بەرهەمە کلاسیکیەکان جارێکی دیکە تاوتوێ بکرێنەوە و پەراوێزخراوەکان بکرێنە سەنتەر و جارێکی تر پێگەی خۆیان لە مێژووی جیهاندا بدەست بێنەوە. بەرهەستی ئەو جۆرە شارستانیەتە ببێنەوە، کە ڕۆژئاواییکان پێناسەیان کردوە، هەروها ئەو نوسەرانە باوەڕیان وایە بە گەیشتن بەو ئامانجە سەرتا دەبێ ڕۆژهەڵاتیەکان باوەڕ بە خۆبونیان هەبێ و متمانە بخۆیان بکەن پشت بە کەلتوری ڕەسەنی خۆیان ببەستن و واز لە لاسایکردنەوەی کلتوری ڕۆژئاواییکان بێنن"(کوردستان عبدالوهاب نادر، ڕەنگدانەوەی بیری پێست کۆلۆنیالیزم لە ڕەمانکانی فەرهاد پیرباڵ).
دەکرێت بگوترێت ئامانجی ئەدەبیاتی پێست کۆلۆنیالیزم بریتیە لەوەی کە ئەو ئەدەبیاتە لە هەوڵی خوێندنەوەی تێگەیشتنی شێواز و ڕێگاکانی ڕووبەووبونەوە و چۆنیەتی بەرگریکردنی داگیرکراوان لە بەرامبەر داگیرکەران لە بەرهەمی ئەدەبی هەدوولادا، واتە داگیرکەر و داگیرکراو، هەروها ئەوەی چۆن بگەڕێنەوە بۆ ناسنامە کولتورییە گەڕاوەکەیان، بۆیە نوسەران و هزمەندان لە هەوڵی ئەوەدان، کە بە ڕەچاوکردنی شێوازکانی گوتاری پشت ئەستور بە هەزر و بیر و شارستانیەتی خەمالی لە بەرهەمە ئەدەبیەکاندا دژی گوتارکانی پێیوست بە داگیرکاری بوەستنەوە، تا لە کۆتاییدا بتوانن ناسنامە و پێگەی مێژووی و کلتوری و ئابوری و سیاسیی خۆیان بدەست بهێنەوە.

هەر ئەدەبیاتێک بابەتێکی تایبەت بخۆی هەیە، بابەتی سەرکی ئەدەبیاتی پێست کۆلۆنیالیزمیش خۆریک بوونە بەدەرهاوشتە و لکۆتکانی پرسەی داگیرکاری، نوسەرانی ئەم ئەدەبیاتە لەو باوەڕدان، کە ئەم دابشکاریە بە واتا و بە بنەما و نا دادپەروەرانیە و شۆوێکی ترە لە داگیرکاری لەئەنجامدا گرژی دەخاتە نێوان ڕەهەلات و ڕۆژئاوا، ئەم نوسەرانە لە ڕێگەی بەرهەمکانیانەوە داوای مافی خۆیان دەکەن ولەهەمانکاتدا ڕەگەزپەرستی لە وڵاتە داگیرکەرکان دەخەنە ژێرپسیارەوە، "دەقی ئەدەبی شتی زۆر نوگرە و چەسپاو نین، بەڵکو پێیوستن بە بارودۆخ و هەومەرجە سیاسییە گۆرە و بچووکەکانەوە، نووسین و خوێندنەوەی دەقەکان هەرگیز بابەتێکی بەسوود نیە. دەقەکان بەرژەوەندی باڵادەستەکان و هەست و سۆز و ئامانجەکانی تری خۆیان دەسپێنن (ئیدوار سەعید، ڕەهەتناسی).
پێست کۆلۆنیالیزم، خۆی خۆریک دەکات بەو نەتوانی، کە کاری

داگیرکاری یاخود لە ژێر کاریگەری داگیرکارین، لە ئەنجامی ئەم گەلانکاریەشدا ئەدەبیات فراوان دەبێت، هەوەها پەیوەندی کەلتووری دروست دەبێت لە نێوان نەتەوەکاندا.

ڕەنگدانەوەی بنەمایی ڕەگەزهاتناسی لە ڕەمانی پەناهەندە

تیۆری پۆست کەلۆنیالیزم لەخۆگری چەند بنەمایەکە، ئەمە لێرەدا هەوڵی ئەوە دەدەین، کە ڕەنگدانەوەی بنەمایی ڕەگەزهاتناسی لە ڕەمانی پەناهەندە دیار بکەین.
ڕەنگدانەوەی ڕەگەزهاتناسی لە ڕەمانکەدا
دنیای ڕەگەزهاوا هەوڵدەدات پێناسەی ڕەگەزهات بکا، لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی خۆی دەکات و خۆی بە ئەرێنی وەسف دەکات و ڕەگەزهاتیش بە نەرێنی. لێرەدا ئەو هەوانگە ڕەگەزهاتناسیانەی، کە لە ڕەمانکەدا هەبوون دەیانخەینە ڕوو:

أ- بەرامبەری ڕەگەزهات و ڕەگەزاوا:
یەکێک لە کارە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی گوتاری ڕەگەزهاتناسی، دروستکردن و بنیاتنانی دوو جەمسەری دژ بە یەکە، کە ئەوانیش دنیای ڕەگەزهات و ڕەگەزاوان، ئەم گوتارە نوێنەرایەتی دوو کلتوری جیاواز دەکات، کە ڕەگەزهات بە نەڕێنی نیشان دەدات و ڕەگەزاواش بە ئەرێنی. نموونە لە ڕەمانکە: "ئەو ڕەگەزهاتی، کە وزەی تیا نەماوە تەنیا لە لاسایکردنەوە و ئافراندنکی بە مەودا نەبێت، ڕەگەزهات تەنیا لە پاڵ ئەوی دیکە دا دەژێت، ڕەگەزاوا هەی سەرکوتکردن و سەربەرزیمان، ڕەگەزاوا ئاوێنەیەکە باڵای کورتی خەمانی تێدا دەبینن" ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەین دەبینن، کە دوو دنیایی بەرامبەر یەکی دروست کردووە ئەویش ڕەگەزهات و ڕەگەزاوان، کە نوێنەرایەتی دوو کلتور و خاکی و خەڵکی..هتد جیاواز دەکەن. لە شوێنکی تری ڕەمانکەدا تێگەیشتنکی نزیک لەمە هەیە دەڵێت: " من لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا بە فڕۆسنی جارکی دیکە لە دایکبووم، با بە ڕەچەڵەک خەڵکی کوردستان بم، بەڵام باوەم بە ڕەگ نیە من باوەم بە ڕەگاکانە، چونکە ڕەگی تەواو هەمیشە چەقیوتە نێو قوڵکی خەست و ناوچەیکی تاریک، بەڵام ڕەگا بەرەو جوڵان و ڕەشنای دەچێت".

ب- ڕەگەزاوای هونەردەست ڕەگەزهاتی بە هونەر
یەکێک لەو دووانە لەکەدزانەی بەرهەم و لەکەوتەی گوتاری ڕەگەزهاتناسین، وەناکردنی ڕەگەزاوایە وەک سەرزەمینی هونەر و ئەدەب و ڕەشنبیری، خەڵکی ڕەگەزاوا خەڵکانکن هونەر دەستن و نرخ و بەهای

هونەر لایی ئەوانە و ئەوان لە هونەر تێدەگەن، لە بەرانبەریشدا وا وێنای ڕۆژهەڵات دەکەن، کە بە هونەرن و نرخ و بەهای هونەر نازانن. لە ڕامانی پەناهەندەش ئەوە دەردەکەوێ، کە خاڵی ڕۆژاوا هونەر دەستن و خاڵی ڕۆژهەڵاتیش بە هونەرن، نموونە: " شانۆی کوردی لە ئاستی بنەشتی کوردیە" لە شوێنکی تر دەردەکەوێ سایق تەکسیکی ئیرانی دەڵێت: "ئەمە و گریک جوداوازین، شانۆ لە عورف و عاداتی ئێمە شومە ها" لەڕەدا ئەوە دەردەخات، کە خاڵی ڕۆژهەڵات هونەر دەست نیە و بەهای هونەر نازانێ، لە شوێنیکی تری ڕامانکە نموونەیکی تر هەیە دەڵێت: "مۆزیکی قاچ کورت و دیکۆری تەلەفیزیۆن و دیکۆرکانی لە دیوخانێکئ هاوچەرخ هیچ جیاوازی نەبوو، فەرشە ئیرانیەکە بەحەکە بینەری بەزار دەکرد، هیچ دەستێکی هونەری پێوە دیار نەبوو" لەڕە مەبەستی ئەوەیە کە خاڵی ڕۆژهەڵات لە هونەر نازانن و نرخ و بەهای لای ئەوان نیە.

ت- ڕۆژئاوای دیموکراسی و ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆر

لە ڕوانگەی ڕۆژ ئاواوە، ڕۆژهەڵات سەرزەمینی نادادی و نایەکسانی و سیستەمی حوکمڕانی دیکتاتۆر و زاڵمانە و تونددەوە، لەبەرامبەر ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆر ڕۆژئاوای دیموکراسی هەیە کە هەموو تاکێک تێدا ئازاد و سەربەخۆیە، ڕۆژئاوا سەرزەمینی عەدالەت و دەستاتێکی حەکیمانە وەات بەدەوە دەبات، نموونە لە ڕامانکە: "لجوئی سیاسیشی دەدەنە لە سویسرایک کە باشترین پەیوەندیی لەگەڵ دیکتاتۆری عەراقی سەردەمی شارە عەراق و ئیران دا هەبوو" ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەین دەبینن کە ڕۆژهەڵاتی بە دیکتاتۆر داناوە، لە شوێنکی تری ڕامانکە دەڵێت: "ئەی اشە شەو ڕۆژ باسی دیموکراسی ناکەن! لەڕە هەموو سلەمانییە چوار دەنگ گۆڵ دیکە نیە، بە حەقی خوای واستی هەیە".

ث- ڕۆژئاوای مرۆڤدۆست و ڕۆژهەڵاتی مرۆڤکوژ

